# چاوەڕوانی

سەلاح محەمەد

شەوان چرا مەکوژێنەوە
لە من زیاتر کێ دێ بۆ لات
هەموو گیانم بۆتە دڵێ
لەسنگی خۆتا لێ ئەدات
*
سۆزێکی سەیر هەموو شەوێ
لەنێو ڕۆحما ڕائەکشێ
لەباخی تەمەنی تۆ ئەچێ
بێ گریانی من وشك ئەبێ
*
مۆمی دڵم داگیرسێنە
شەوانە با سەرمات نەبێ
گۆرانی خۆش خۆشت بۆ ئەڵێ
لە دەوری تەنهاییت ئەگەڕێ
*
دەستەکانت بکەرەوە
-با- خەریکە دڵم ئەبات
ئەستێرەبارانی چاوانمە
پەنجەکانم وشك ئەکات
*
نەبا باڵی خۆشەویستییم
لای تۆ وەك نامۆ هەڵوەرێ
بەختی عیشقێکم بۆ هێنای
بۆنی تەمەنی لێوە دێ
*